# هەر شکۆداربێت ڕاپەڕینی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان

PÇK

شانزە ساڵ لەمەوبەر و لە ئەوپەڕی دەسەڵاتی فاشیستە بەعسییەکاندا ، لەدوای هەڵمەتە جینۆسایدییەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە و زۆربەی شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا و وێرانکردنی زیادتر لە پێنج هەزار گوند و ئاوایی ، ڕاگوێزان و بە عەرەبکردن و بەعسییکردن .. ئا لەو بارودۆخە ناهەموارەدا ، پریشکی ڕاپەڕین لە شارۆچکەکانی ڕانیە و قەڵادزێوە بە کوردستاندا بڵاوبووەوە و لە چەند ڕۆژێکدا لە تەواوی باشوری وڵاتدا کڵپەی سەند و تەواوی دامودەزگاکانی فاشیستە بەعسییەکانی ڕامالّی.

ڕاپەڕینی نەوەد و یەکی جەماوەری باشوری کوردستان ، بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلەکەمانی گواستەوە بۆ قۆناغێکی نوێ و تەواوی کێشەکانی بە گەلانی دنیا و دەوڵەتان و کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان ناساند.

ڕاپەڕین ئەو ڕاستییەی سەلماند کە جەماوەری کوردستان خۆڕاگر و قوربانییدەرە ، بەڵام خۆڕاگریی و قوربانییدانیشی سنورداره و هەر کاتێک بێزاریی گەیشتە ناخی ، ئەوا ئامادەیە بۆ ڕاپەڕین.

ڕاپەڕین چەندان گۆڕانکاریی مەزنی لە باشوری وڵاتدا دروستکرد. گەورەترینیان هەڵبژاردن ، دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی ئازاد ، پەرلەمان و دامودەزگای دەوڵەتیی بوو.

ئەگەرچی ئەو دەستکەوتە مەزنانە ئاوات و خواستی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بوون ، بەڵام تەنیا بەشێک بوون لە ئاوات و خواستەکانی و بەداخەوە هەر زوو دوو حیزبدەسەڵاتەکە دەستیانگرت بەسەر تەواوی دەسەڵاتدا و بێ گوێدان بە هاوار و ناڵەی جەماوەری ڕاپەڕیو ، بە شەڕە پەڕۆ و لەپێناوی بەرژەوەندی حیزبایەتی تەسکی خۆیان و پاوانکردنی دەسەڵاتدا و بە شەڕە خۆکوژییەکانیان! چەند قۆناغێک ئەزمونەکەیان بەرەو دواوە گەڕاندەوە و تا ئەمڕۆش کارییگەریی ئەو شەڕوشۆڕانەیان لەسەر گەل و نیشتمانەکەمان بەردەوامە.

جەماوەری ئەمڕۆی کوردستان ، هەر ئەو جەماوەرەیە کە ڕاپەڕینی دروستکرد و ئاوات و خواستەکانیشی هەر هەمان ئەو ئاوات و خواستانەی ئەو سەردەمەن. ئەمڕۆش دوای شانزە ساڵ لە ئازادیی و دەسەڵاتی خۆماڵیی ، هێشتا سەدان ئاوات و خواستی خەڵک بەدینەهێنراون و ڕۆژبەڕۆژیش کێشەکان قوڵتر ئەبنەوە و پەرلەمان ، حکومەت ، دادگا و دامودەزگاکانیش هەر لەژێر ڕکێفی دوو حیزبدەسەڵاتەکەدان و یاسا سەروەر نیە و بە جوتەش سامانی گەلەکەمان بەشئەکەن!

چین و توێژە چەوساوە و کەمدەرامەت و هەژارەکانی گەلەکەمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەژارتر ئەبن و بەرپرسەکانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەوڵەمەندتر ئەبن ، بە وتەی هەندێک لە بەرپرسان خۆیان ، ئەمڕۆ لە باشوری کوردستاندا دەیان میلیاردێری (دۆلار) و هەزاران میلیۆنێری (دۆلار) هەیە! ئەمانە هەر ئەو بەرپرسانەن کە بەر لە ڕاپەڕینی جەماوەر ، عەوداڵی پاروویەک نان و یارمەتی ئەو جەماوەرە بوون!

ئەمڕۆش لە ئەنجامی گەندەڵیی ، دزیی ، تاڵانیی و زەوتکردنی سامانی گەل و دروستبوونی چینێکی مشەخۆری سەرمایەداری بێ بەرهەم و یەکنەگرتنەوەی ڕاستینەی دوو بەڕێوەبەرایەتییەکە و نەبوونی ڕۆڵی پەرلەمان و بێ سەروەریی یاسا! کێشەکانی جەماوەر تا دێت قوڵتر ئەبنەوە و دوو بەرە بە ڕونیی دیارن! دەسەڵاتداران ، بەرپرسان ، گەندەڵان و پارەداران ، بەرەیەکن و تەواوی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵیش بەرەی دووەمن!

بێ ئاو و کارەبایی ، بێ سوتەمەنی ، گرانیی ، سەختیی کرێنشینیی ، یارمەتینەدانی دادپەروەرانەی خێزانی شەهیدان ، پێشمەرگە دێرینەکان ، نابین و کەنەفتە و پیر و پەککەوتەکان ، بێڕێزیی بە ئافرەتان و کوشتن و ئەتککردنیان ، گرنگیینەدان بە لاوان و خوێندکاران و منداڵان ، نەبوونی یاسای کار و یاساکانی کەسێتی و کۆمەڵایەتی ، نەبوونی ئازادیی ڕاستینەی کارمەندانی ڕاگەیاندن و هونەرمەندان و سەندیکاکانیان و چەندان کەموکوڕیی تر ، زەمینەخۆشکەری ڕاپەڕینن و جەماوەری کوردستانیش تا سەر مۆخیان بێزارن و ناتوانن تا هەتایە چاوەڕوانی چاکسازیی و پاکسازیی و سەروەریی یاسا بکەن و بە ناوی ناسکیی و هەستیاریی قۆناغەکەوە و لەبەر سۆزی نەتەوایەتی هەر بێدەنگ بن!

ئێمەش وەک پارتی چەپی کوردستان کە خۆمان بە پەلێکی ئەو جەماوەرە ئەزانین و لە ڕوانگەی سۆز و هەستی چینایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانییمانەوە ، داوا لە دەسەڵاتداران ئەکەین کە ئیتر بە خۆیاندا بچنەوە و دەستپێشخەریی بکەن لە چاکسازیی و پاکسازیی و سەروەریی یاسا و کاراکردنی پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگاکان بە شێوەیەکی یاسایی و دادپەروەرانە کە مافی هەموو هاوولاتییەک و بژێوی ڕۆژانە و ئاساییشی دابینبکرێت و ئیتر جەماوەر ناچار نەکرێت بڕژێنە ناو شەقام گۆڕەپانەکان بۆ داواکردنی ساکارترین و سەرەتاییترین مافەکانیان.

نەمریی و سەربەرزیی بۆ شەهیدانی ڕاپەڕین
هەر شکۆداربێت ڕاپەڕینی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان

**پارتی چەپی کوردستان**

**2007-3-5**